# بڕیارێکی سەرکردایەتیی سیاسی بەرەی کوردستانی

بەرەی کوردستانی لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٨/٤/١٩٩٢دا سەبارەت بەم بارە نائاسایی و سەختە، کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی سازدا و بڕیارێکی لەبارەی تەنیا ئەم خولەی هەڵبژاردنە دەرکرد، بە تەرخانکردنی «٥» کورسی لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ کەمە نەتەوایەتیی ئاشووری بەهەموو تایەفەکانیانەوە بە (کلدانی کاثۆلیک و کڵێسای ڕۆژهەڵاتی ئاشووری «نەستووری» و سریان و ئەوانی دیکەوە) هەڵبژاردنیان لەلایەن ڕۆڵەکانی گەلی ئاشووری و لە دایەرەی هەڵبژاردنی تایبەت بە خۆیانەوە بەشێوەیەکی دیموکراتی ئەنجام دەدرێ کە لەگەڵ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقی ژمارە (١) کە لە ڕۆژی ٨/٤/١٩٩٢دا دەرچووە بگونجێت.

**لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٨/٤/١٩٩٢ی زایتی بەرامبەر بە ١٩/نەورۆز/ ٢٦٩٢ی کوردی دەرچووە**

# یادداشتێکی روون کەرەوەی لیژنەی پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

| | |
|---|---|
| ١. بەڕێز رشید عبدالقادر | سەرۆکی پێشووی دادگای تێ هەڵچوونەوەی کوردستان. |
| ٢. بەڕێز معروف رؤوف | سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوەی کوردستان. |
| ٣. بەڕێز ناظم حەویزی | جێگری سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوەی کوردستان. |
| ٤. بەڕێز امیر حەویزی | جێگری سەرۆکی دادگای تێ هەڵچوونەوەی کوردستان. |
| ٥. بەڕێز شمس الدین موفتی | پارێزەر. |
| ٦. بەڕێز محمود بابان | پارێزەر. |
| ٧. بەڕێز دکتۆر سعدی اسماعیل بەرزنجی | راگری کۆلیژی یاسا ـ زانکۆی صلاح الدین. |
| ٨. بەڕێز دکتۆر خورشید شوکت رواندزی | یاریدەدەری راگری کۆلیژی یاسا ـ زانکۆی صلاح الدین. |
| ٩. بەڕێز مصطفی عەسکەری | پارێزەر. |
| ١٠. بەڕێز فرست احمد عبدالله | پارێزەر. |
| ١١. بەڕێز دکتۆر قەیس دیوالی | پارێزەر. |
| ١٢. بەڕێز حسن عبدالکریم بەرزنجی | پارێزەر. |
| ١٣. بەڕێز بەختیار حەیدرە | پارێزەر. |
| ١٤. بەڕێز قادر جەباری | نوێنەری بەرەی کوردستانی. |
| ١٥. بەڕێز فرەنسۆ هەریری | نوێنەری بەرەی کوردستانی. |

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە یادداشتی هۆیەکانی پێویستی دەرچوواندنی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقدا هاتووە، کە لەمەوبەر لەلایەن سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی خەباتگێڕەوە پێمان راگەیەندراوە. لیژنەکەمان دەست بەکاربوو و، پشتی بە زانستی یاسای دەستووری بەست و کردی بەسەرچاوەیەکی بنەڕەتی جگە لە یاسا بەراوردکارەکان کە سیستەمی پەرلەمانی لە دەوڵەتە شارستانییەکان و ئەو دەوڵەتانەی کە لەگەڵ دیموکراتییەت دا مێژوویێکی قووڵیان هەیە پەیڕەوی دەکات و دوای لێکۆڵینەوە وتوویژێکی زۆرو تێروتەسەل لەگەڵ لێک دانیشتنی چردا کە لە رۆژی «١٩٩١/١٢/٢٣»ەوە تاکو ١٩٩٢/١/٢٨ی خایاند، ئەم پرۆژەیە «پرۆژەی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق» ئەنجام دراو پرۆژەکە لە حەوت دەروازە پێک هاتووە. لە ئەنجام دانی هەر دەروازەیەش زنجیرەی مەنتیقی و دەستەبەرکردنی پێ بەپێ

بەدوای یەکدی دا هاتنە خوارەوە رەچاوکراوە بەپێی پێشینەیی کردارو ئەو کردارەی بەدوای دادێ:

دەروازەی یەکەم: بنەما سەرەتاییەکانی پێک هاتنی ئەنجوومەن و ژمارەی ئەندامەکانی و ڕێگەی هەڵبژاردن و ئەو ڕاستی یەی گرتۆتەخۆ کە دەبێ ئەندام نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بکات، هەروەها ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی دەستنیشان کردووە کە نابێ لە ١٠٠ ئەندام کەمتر بێ، بەپێی ئەو بارودۆخەی کە لە کوردستانی عێراق دا هەیە لەگەڵ ڕەچاوکردنی چڕی دانیشتوانی دا کە ئەم ژمارەیەش لەگەڵ ئەوەی لە سیستەمی پەرلەمانیی لە هەموو دەوڵەتە هەمە جۆرەکانی جیهان دا کاری پێ دەکرێ دەگونجێ و پرۆژەکە ئەوەشی گرتۆتەخۆ کە نابێ ئەندامیەتی ئەنجوومەن و فرمانی گشتی بەیەکەوە کۆبکرێتەوەو پێویستە لەسەر سەرانی یەکە کارگێڕییەکان و ئەفسەرانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ «کارگێڕەکانیشیان لەگەڵ دابێ»، بەر لەوەی خۆیان بۆ هەڵبژاردن بپاڵێون واز لە فرمانەکانیان بهێنن تاکو پایەی فەرمانبەریی خۆیان بەکار نەهێنن و کار لە رەوتی کرداری هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندیی خۆیان نەکەن.

هەروەها پرۆژەکە پەیماننامە بەستنی ئەندامی ئەنجوومەنی لەگەڵ دەوڵەت لە ماوەی ئەندامێتی قەدەغەکردووە، نەوەک پایەی خۆی بۆ چنگ کەوتنی دەسکەوتی خودی خۆی بەکاربێنێ کە لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتی دا نەگونجێ. دەقەکەش بە نەرمی هاتووەو ڕێگە لەو کەسانە ناگرێ کە لەوەوبەر پەیماننامەیان لەگەڵ فەرمانگە حکوومەتی یەکان و دەزگا گشتی یەکان دا بەستووە بەر لەوەی ئەندامێتی وەدەست بێنن و بەردەوام بن لە جێبەجێکردنی بەڵێنامەکەیان، کە چی لە هەمان کات دا پەیماننامەبەستن و نوێ کردنەوەی پەیماننامەی لەماوەی ئەندامێتی دا قەدەغەکردووە.

دەروازەی دووەم: بۆ ساغ کردنەوەی چۆنێتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەن تەرخان کراوەو فەسڵی یەکەمی بۆ دەستنیشان کردنی دەستەکانی هەڵبژاردن و چۆنێتی پێکهاتنیان و ژمارەی ئەندامانی لیژنەکانیانەوە دانراوەو فەسڵی دووەمیشی بۆ روون کردنەوەی چۆنێتی دەستنیشان کردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن و دابەش کردنی بۆ چوار ناوچە دانراوە، تاکو نەرمییەکی تەواو لە بەردەم دەستەی باڵادا هەبێ بۆ دابەش کردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن بەپێی دابەش کردنی کارگێڕیی بنەڕەتیی کوردستانی عێراق.

ماددەیەکی تایبەتیش تەرخان کراوە بۆ چۆنێتی هەڵبژاردنی تەواو کەر لە بەشەکانی تری کوردستان کە دەکەونە دەرەوەی دەستەڵاتی ئەمڕۆی بەرەی کوردستانی، وەکو کەرکووک و خانەقین و سنجار و شێخان و ناوچەی دیکە، ئەمەش لە پێناوی یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق دا هاتووە. لە فەسڵی سێ یەمیشدا کات و چۆنێتی دەنگدان و ئەنجام دانی هەڵبژاردنی نوێ دەستنیشان کراوە لە بارێک دا کە ئەنجوومەن هەڵوەشێنرێتەوە یاخود ماوەی تەواوبێت.

لە فەسڵی چوارەمیش دا ئەم پرۆژەیە پرۆسەی چۆنێتی ئامادەکردنی خشتەکانی هەڵبژێرەکان و دابەش کردنیان چارەسەرکراوە کە دەڵێ: پێویستە هەڵبژێرەکان پلیتی خۆیان پێ بدرێ و باری هەڵەو بەسەرچوونی تێدا چارەسەر بکرێت و پرۆژەکەش بۆ دەستەی باڵا بەجێ دەهێڵرێ بۆ ئەوەی مافی گرتنی ڕێگاییکی تری هەبێ بۆ ئەنجام دانی

هەمان مەبەست و بەپێی باری کوردستان.
لە فەسڵی پێنجەم دا مەرجەکانی هەڵبژێر «دەنگدەر» و پاڵێوراو دیاری کراون هاونیشتمانییان لە کاتێ کە مەرجەکانیان لێ ببێتە دی بەیەکسانی، بەبێ جیاوازی لە نێوان نێرو مێ یان بە هۆی رەگەزەوە مافی هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتنیان پێ دراوە، پرۆژەکە تەواوکردنی ١٨ ساڵەی تەمەنی کردۆتە مەرجێکی بنەڕەتی بەبێ دانانی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک کە پێچەوانەی دیموکراتییەت بێ ومافی هاونیشتمانی لە هەڵبژاردن دا کەم بکاتەوە.
ئەم پرۆژەیە لەسەر پێشکەوتووترین تەکنیکی جیهانی رۆیشتووەو مەرجێکی وای داناوە کە دەبێ پاڵێوراو لە هاووڵاتییانی کوردستانی عێراق بێ و تێی دا نیشتەجێ بێ واتە جێ نشینی راستەقینەی کوردستان بێ و ئەوەی نەکردۆتە مەرج بۆ هەرکەسێک کە خۆی بپاڵێوی بڕوانامەیەکی دیاری کراوی خوێندنی هەبێ. بەڵکو تەنیا خوێندنەوەو نووسین بزانێ و بەمەش ئەو بارە ناخۆشانەی کە بەسەر کوردستان تێپەڕیون رەچاوکراوە کە زۆر کەس لە هاووڵاتییانی کوردستان ماوەی نەبووە بەردەوام بێ لەسەر خوێندن و تەواوکردنی.
هەروەها یاساکە ئەو کەسانەی کە بەشدارییان کردووە لەو تاوانانەی کە دەستەڵاتی سەرکوتکەر نەخشەی بۆ کێشاون، یان خۆی کردبێتی بێ بەش کردووە لە مافی خۆ پاڵاوتن، چونکە ئەو تاوانانە وەک تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی دادەنرێن و، بابەتی خۆپاڵاوتن و ماوەی پێویست بۆ پێشکەشکردنی داواکاری و تانووت لێ دان لە بڕیاری رەتکردنەوە ولایەنی تانووت لە فەسڵی شەشەم دا چارەسەرکراوە. بۆ دەستنیشان کردنی ماوەکانیش کورتییان رەچاوکردووە ئەمەش بۆ رەچاو کردنی باری ئێستاو ویست و ئارەزووی بەرەی کوردستانی یە بۆ پەلەکردن لە بینینی رۆڵەکانی گەلی کوردستانی تێکۆشەر دەوری شیاوی خۆیان. پرۆژەکەش شێوەی پاڵاوتنی بە لیستی گرتە ئەستۆ کە هەر لیستێکیش بە حزبێک یان تاقمێک «وەک بڵێی سەربەخۆی یەکان» دەنوێنێ.
رێگاش لە بەردەم کەمە نەتەوایەتی یەکان کە لەناو کوردستان دان وەک «تورکمان، ئاشووری، عەرەب و هی دیکەش» دادەنێ تاکو لیستی تایبەتی خۆیان پێشکەش بکەن.
فەسڵی حەوتەمیش حوکمە تایبەتی یەکان بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی گرتۆتە خۆو پێی لەسەر ئازادی پڕوپاگەندە لەسنووری یاسا و نیزامی گشتی دابو نەریت دادەگرێ لەگەڵ رەچاو کردنی بنەمای دەرفەتی وەک یەک رەخساندن لە نێوان لیستەکان دا. فەسڵی هەشتەمیش بۆ چارەسەرکردنی دەنگدان و هەرچی پەیوەندیی پێیەوە هەبێ لە کاروباری رێکوپێکی دانراوە لەگەڵ دەرخستنی چۆنیەتی جوداکردنەوەی دەنگەکانی و راگەیاندنی ئەنجامەکانی و مافی دەنگدەریش رەچاوکراوە بۆ ئەوانەی کە خوێندنەوە و نووسین نازانن، بۆ ئەوەی پشت بە غەیری خۆیان ببەستن لە پڕ کردنەوەی پلیتی هەڵبژاردن بەبێ دەست تێ وەردانی هیچ کەسێک. هەروەها بنەمای قەبووڵ نەکردنی جێگر لە دەنگدان چەسپێنراوە، چونکە دەنگدان مافێکە بەس دەنگدەر دەتوانی بەکاری بێنێ و نابێ کەس جێی بگرێتەوە. پرۆژەکەش شێوازی رێژەیی لە هەڵبژاردن پەیرەوکردووە دوای وتووێژێکی زۆر و رەچاوکردنی پێ داگرتنی هەندێ لایەنی بەرەی کوردستانی و، بۆ پاراستنی یەکێتی ریزەکان، پرۆژەکە بنەمای دادگایی کردن لە بەردەم دادگا بۆ سەرپەرشتی کردنی چۆنیەتی

ڕۆیشتنی هەڵبژاردن پەسەندکردووە و هەروەها سەیرکردنی ئەو تانووتانەی کە پەیوەندیی یان بە بڕیارو کارو بن بڕ کردنیانەوە هەیە.
دەروازەی سێیەم: بۆ ئەوە کراوەتەوە تاکو کاروباری ئەندامیتی ئەنجوومەن چارەسەر بکات، بۆیە فەسڵی یەکەمی بۆ پشتیوانە «حصانە» و پادداشتە پێویستەکانی ئەندامان تەرخان کراوەو زانستی دەستووری هاوچەرخی لەم بارەیەوە بۆ ڕەچاوکراوەو لیژنە نەیویست ئەو پشتیوانەیە کەمتر بێ لەوانەی کە لە دەوڵەتە دیموکراتییەکان پەیڕەو دەکرێ، تاکو ئەندامی ئەنجوومەن بتوانێ بە چاکی کاری خۆی بۆ خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیی جێ بەجێ بکات و کۆسپ و تەگەرەی لەڕێکەی چاودێری کردنی دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن نەخرێتە پێش و «فەسڵی دووەم» دەستنیشانی ئەو بارانەی کردووە کە ئەندامیتی تێیدا نامێنێ. لە دەروازەی چوارەم دا بەڕێوەچوونی کاروباری ئەنجوومەن و شوێنی بەستنی و کاروباری پەیوەندیدار بە بەستی دانیشتنی یەکەمی و سوێندخواردنی یاسایی ئەندامانی گرتۆخۆ، لەگەڵ چۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی و سکرتێری ئەنجوومەن، چونکە سەرۆکایەتی ئەنجوومەن گرنگی یەکی تایبەتی هەیە و پرۆژەکە ئەوەی دەرخستووە کە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بە زۆربەی موتڵەقی دەنگی ئەنجوومەن دەبێ، نەک دەنگی ئامادەبووان، هەروەها دەروازەکە مەرجەکانی داواکردنی کۆبوونەوەو راستی و دروستی بەستنی ئەنجوومەنی دەرخستووەو ماوەی ئەنجوومەنی بە ٣ ساڵ داناوە هەروەک ئەوەی کە لە هەندێ سیستەمە پەرلەمانییەکانی جیهان کاری پێ دەکرێ، هەروەها چۆنیەتی مامڵەت کردن لە نێوانی ئەنجوومەن و دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن دا کە لەوەوە هەڵێنجراوە رێک دەخات، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بەکاری دەستەڵاتی جێ بەجێ کردنەوە هەیە لەگەڵ بەرپرسیاریی و بانگ کردن و بڕوا لێ وەرگرتنەوە لە ئەنجوومەن یاخود یەکێک لە ئەندامانی.
دەروازەی پێنجەم: هەموو کاروبارو دەستەڵاتەکانی ئەنجوومەنی ساغ کردۆتەوەو، لە بارەیەوە لیژنە ئارەزووی بەرەی کوردستانی تێکۆشەری هێناوەتەدی و هەموو کاروبارو دەستەڵاتێکی بە ئەنجوومەن سپاردووە بەو ناوەی کە نوێنەری گەلی کوردستانە کە خۆی سەرچاوەی هەموو دەستەڵاتێکە، بۆیە لەماددەی «پەنجاو شەشەمی»دا دەڵێ: (پەسەندکردنی رێککەوتننامەکان و دوا بڕیاردان لەسەر مەسەلە سازەکانی گەلی کوردستانی عێراق لە دەستەڵاتی ئەنجوومەنە، دوای ئەوەی کە لیژنە ئەوەی ڕەچاو کرد کە لە ئەنجوومەنە هاوتاکانی ئەنجام دەدرێ ئەویش یاسادانان و پەسەندکردنی موازەنەی گشتی و پلان دانانی گەشەکردن و چاودێری کردنی دەستەڵاتی جێ بەجێ کردنە. هەروەکو زانراویشە، کرداری هەڵبژاردن کاری وای لێ دەکەوێتەوە کە باری ڕەوتەکەی لێخن دەکات، بۆیە لیژنە وای بەپەسند زانی کە پێویستە دەقێک بۆ ئەو جۆرە کارو کردارانە بە درێژی و تێرو تەسەلی هەبێت و ئەو سزایانە دەستنیشان بکات بۆ پاراستنی دروستی هەڵبژاردنەکان و سزاکەش تەنیا بەندکردن دەبێ نەک غەرامە، چونکە بەندکردن بەربەستێکی بەهێزترە لە سزای غەرامە وەرگرتن.
هەروەها دەروازەی شەشەم لە ژێر ناونیشانی تاوانەکانی هەڵبژاردن دا هاتووە، بەڵام دەروازەی حەوتەم کە دوا دەروازەیە، گەلی حوکمی جیاجیای گرتۆتە خۆ، وەک گوێ نەگرتن

لەو داوایانەی کە لە بارەی هەڵبژاردنەوە هاتوون و سێ مانگیان لە کۆتایی هەڵبژاردنەوە بەسەردا تێپەڕیوە، هەروەها هۆیەکانی بڵاوکردنەوەی یاساکانی ئەنجوومەن و مێژووی جێ بەجێ کردنی.
ئەم یاسایەش روون کراوەتەوەو، لە کۆتایش دا ئاواتە خوازین کە سەرکەوتبین لە دانانی بەردی بناغەی باڵەخانەی ژیانی دیموکراتی و یاسایی لە کوردستانی عێراق دا ئەم هەوڵ وماندووبوونە کەمەشمان ببێتە بنچینە بۆ یاساو یاساکاریی گەلێک لە خێرخوازانی گەلەکەمان تا لە دووا رۆژدا خزمەتی بەرژەوەندیی گشتی بکەن و دەمانەوی رۆڵەکانی گەلی کوردستان بمان بووردن ئەگەر پرۆژەکەمان نا تەواوی کەوت بێتی لەبەر کەمی وەخت و هیواداریـن کە ئەنجوومەنی چاوەڕوان کراو ئەو ناتەواوییانە ئەگەر هەبن نەیان هێڵێ، چونکە هیچ یاساکارییەک لە ناتەواوی فیتری بەدەر نابێ و سڵاو لە گەلی کوردستان لە سایەی ئازادی و سەروەریی یاساو بنچینەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی دا.

**لیژنەی پرۆژە**

# یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

**بڕیاری ژمارە (١)**
بەپێی پێویستیەکانی بەرژەوەندیی گەلی کوردستانی عێراق، سەرکردایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی عێراق ئەم یاسایەی خوارەوەی دەرکرد.

## یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
## ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢
## دەروازەی یەکەم
## پێکهێنانی ئەنجوومەن

**ماددەی یەکەم:**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە ئەندامان پێک دێ کە ژمارەیان لە (١٠٠) ئەندام کەمتر نەبێ و، لەسەر بنەمای هەر نوێنەرێک بۆ (٣٠) هەزار کەس دەبێ.

**ماددەی دووەم:**
هەڵبژاردن بە دەنگدانی گشتی نهێنی راستەوخۆ دەبێ.

**ماددە سێ یەم:**
ئەندامی ئەنجوومەن دەبێتە نوێنەری گەلی کوردستانی عێراق.

**ماددەی چوارەم:**
١- نابێ ئەندامێتی ئەنجوومەن وفەرمانبەریی گشتی بەیەکەوە کۆ بکرێتەوە و هەر فەرمانبەرێک کە بووە ئەندام لە رۆژی سوێند خواردنیەوە لەبەردەم ئەنجوومەن، بەوازهێنەر لەفرمانەکەی دادەنرێ.
٢- نابێ ئەندامێتی ئەم ئەنجوومەنە وئەندامێتی ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی دیکە کۆ بکرێنەوە.
٣- نابێ سەرۆکەکانی یەکەکانی بەرێوەبردن وئەفسەرانی هێزی ئاسایشی ناوخۆ خۆیان بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن بپاڵێون تاکو واز لەفرمانەکەیان نەهێنن.
٤- نابێ ئەندامی ئەنجوومەن لەکاتی ئەندامێتی دا، نەخۆی ونەبەهۆی یەکێکی دیکەوە عەقد لەگەڵ دەوڵەت ببەستێ وناشبێ ئەندامیەتی یەکەی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی خۆ بەکاربێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**
هەموو ئەندامێکی ئەنجوومەن دەبێ خۆی تەنیا بۆ ئەنجوومەن تەرخان بکات.

# دەروازەی دووەم
# هەڵبژاردنی ئەنجوومەن
## فەسڵی یەکەم
## دەستەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی شەشەم:**
بەبڕیارێکی بەرەی کوردستانی دەستەیەکی باڵا پێک دەهێنرێ بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن لە کوردستانی عێراق دا و بەسەرۆکایەتی دادوەرێکی پلەی یەکەم یا دووەم و ئەندامێتی داواکاری گشتی لەناوچەی ئیستئنافی یان جێگرەکەی ونوێنەرانی بەرەی کوردستانی ونوێنەری کارگێڕیی دەبێ وئەم کاروبارانەی خوارەوە دەبینێ:

١- دەسنیشان کردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن.
٢- پێکەوەنانی لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن بۆ سەرپەرشتی کردنی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لەو ناوچانەدا.
٣- دەرکردنی ڕێنمایی بۆ ئاسان کردنی بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنەکان ودەستنیشان کردنی کات وچۆنیەتی هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکانی هەڵبژاردن.

**ماددەی حەوتەم:**
پێک هێنانی لیژنەی ناوچەی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەرێک ودوو نوێنەر لەهەریەک لە بەرەی کوردستانی وکارگێڕیی وئەم لیژنەیەش لیژنەکانی ناوچەکانی هەڵبژاردن پێک دێنێ.

**ماددەی هەشتەم:**
لیژنەی مەڵبەندی هەڵبژاردن بەسەرۆکایەتی دادوەرێک یان جێگری داواکاری گشتی یاخود یاساناسێک ونوێنەری هەریەک لە لیستەکانی هەڵبژاردن پێک دێت.

## فەسڵی دووەم
## ناوچەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی نۆیەم:**
کوردستانی عێراق دەکرێتە چەند ناوچەیەکی هەڵبژاردن بەمەرجێ لەچوار ناوچە کەمتر نەبن.

**ماددەی دەیەم:**
ناوچەکانی هەڵبژاردن دابەش دەکرێن بەسەر چەند مەڵبەندێکی هەڵبژاردن وئەمەش بەبەیاننامەیەکی لیژنەی ناوچە دەست نیشان دەکرێن.

**ماددەی یازدەیەم:**
هەڵبژاردنی تەواوکەر بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن بەپێی ئەو بنەمایانەی کە لەم

یاسایەدا هاتوون ولەهەموو بەشەکانی کوردستانی عێراق دوای نەمانی کۆسپ و تەگەرە دەکرێت کە ئێستا ناتوانرێ هەڵبژاردنی تێدا بکرێت.

## فەسڵی سێ یەم
## وادەی هەڵبژاردن

**ماددەی دوازدەیەم:**
کات و وادەی هەڵبژاردن بەبڕیارێکی بەرە دیاری دەکرێت ولەرێگەی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە لەماوەی بەلانی کەمەوە مانگێک پێش ئەو وادەیە بەهاووڵاتیان رادەگەیەنرێ.

**ماددەی سێزدەیەم:**
دەنگدان لەهەموو لایێکی کوردستان لەیەک ڕۆژدا جێ بەجێ دەکرێ.

**ماددەی چواردەیەم:**
لەکاتی تەواو بوونی ماوەی ئەنجوومەن یا هەڵوەشاندنەوەی، بڕیارێک لەسەرۆکی دەستەڵاتی جێبەجێ کردنەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ پاش تەواو بوونی ماوەکە یا هەڵوشاندنەوەکە دەردەچێ ودەبێ وادەی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێ بە پێی حوکمەکانی ماددەی دوازدەمی ئەم یاسایە دیاری بکات.

## فەسڵی چوارەم
## خشتەی هەڵبژێرەکان

**ماددەی پازدەیەم:**
بۆ هەر ناوچەیەکی هەڵبژاردن خشتە بەناوی هەڵبژێرەکان وبەپێی ناوچەکانی هەڵبژاردن و بەپێی پیتەکانی ئەبجەدی ئامادە دەکرێت، کە پیشەوناونیشان ومێژوو وشوێنی لەدایک بوونیان تێدا تۆمار دەکرێ وبەگەلێک دانە دەنێردرێن بۆ لیژنەی ناوچە ئەگەر ئەمە لەتواناادا نەبوو بکرێ، ئەو کاتە دەستەی باڵا ڕێگایەکی دیکەی لەبارتر دیاری دەکات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەوەی پێویستە.

**ماددەی شازدەیەم:**
لیژنەی ناوچە بەلانی کەمەوە (١٥) ڕۆژ پێش وادەی دیاری کراوی هەڵبژاردن، خشتەکان بەسەر مەڵبەندەکان دا دابەش دەکات بۆ ئەوەی لەتابلۆی تایبەت بەم مەبەستە بەهاووڵاتیان رابگەیەنی، دوای ئەوەی کە بەمۆری ناوچەکە مۆریان دەکات و ڕۆژی راگەیاندنەکەی لەسەر دەنووسێ لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەوەی کە لەماددەی پازدەیەم داهاتووە.

**ماددەی حەڤدەیەم:**
فەرمانگەی حاڵ وباڵی شارستانی پلیتی هەڵبژاردن دەدات بەهەر هاووڵاتی یەکی کە هەژدە ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ، بەشێوەیەکی وا کەوەسف وشکلی بەپێی

راسپاردەی دەستەی باڵا رێکخرابێ ودەبێ لەکاتی دەنگدان دا هەڵبژێر کەسایەتی خۆی پێ دەربخات.

**ماددەی هەژدەیەم:**

١- هەر کەسێکی مەرجەکانی هەڵبژێری تێدا بێ و ناوەکەی لەخشتەی هەڵبژێران لە بیر کرابێ بۆی هەیە داوا بکات ناونووس بکرێ وبۆیشی هەیە داوای ناونووس کردنی هەر هاووڵاتیەکیش بکات کە بەناحەق ناوی لەبیر کرابێ وئەهەمان کاتیش دا دەتوانێ داوای کوژاندنەوەی ناوی هەر هاووڵاتیەک بکات کەبەبێ حەق ناوی تۆمارکرابێ لەخشتەی هەڵبژێرەکان، ئەمانەش لەماوەی دە رۆژدا دەبێ لە رۆژی راگەیاندنی خشتەی هەڵبژێرەکانەوە.

٢- داوا کاری یەکە پێشکەش بە لیژنەی ناوچە دەکرێ بۆ بریار دان لەسەری لەماوەیەک دا کە لە(٣) رۆژ پتر نەبێ لەمێژووی پێشکەش کردنی داوا کاری یەکە وحوکمدانیش لەسەر ئەو داوا کاری یە حوکمێکی بن برە.

## فەسلی پێنجەم
## مەرجەکانی هەڵبژێرو پالاوتن

**ماددەی نۆزدەیەم:**

هەر هاووڵاتیێکی کوردستانی عێراق چ نێر بێ وچ مێ، بۆی هەیە ببێتە هەڵبژێر یا پاڵێوراو ئەگەر هەموو مەرجەکانی ئەم یاسایەی تێدا بێتەدی.

**ماددەی بیستەم:**

مەرجە هەڵبژێر لە هاووڵاتیانی کوردستانی عێراق بێ و(١٨) ساڵی تەمەنی تەواو کردبێ.

**ماددەی بیست ویەکەم:**

پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن ئەم مەرجانەی خواردوەی لێ بێتە جێ:

١- لە هاووڵاتییانی کوردستانی عێراق بێت ولێی نیشتەجێ بێت.

٢- تەمەنی لە (٣٠) ساڵ کەمتر نەبێت وشیاویی وئەهلیەتی تەواوی هەبێ.

٣- خوێندن ونووسین بزانێ.

٤- بەو جۆرە تاوانانە حوکم نەدرابێت کە کار بکەنە سەر رەوشت وئادابی گشتی و پاکیی.

٥- بەتاوانی کوشتنی ئەنقەست ودزیی حوکم نەدرابێت.

٦- لەو تاوانانە بەشداریی نەکردبێت کە لەلایەن دەستەڵاتی داپلۆسێنەرەوە نەخشەیان بۆ کێشراوە و لەکوردستان جێ بەجێ کراون.

### پالاوتن

**ماددەی بیست ودووەم:**

١- هەر حزبێک یان توێژێک یان کەمایەتیەکی نەتەوەیی وەک (تورکمان، عەرەب، ئاشووری،... وهی تر) بۆی هەیە لیستی تایبەتی بەناوی

پاڵێوراوەکانی خۆی لەسەر ئاستی کوردستانی عێراق پێشکەش بکات.

٢- لیستی پاڵێوراوەکان لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە مێژووی ڕاگەیاندنی وادەی هەڵبژاردن پێشکەش بە سەرۆکی دەستەی باڵا دەکرێت و هەموو بەڵگەنامەیەکی پێوە دەلکێنرێ کەلەماددەی بیست ویەکەم دا هاتوون.

**ماددەی بیست و سێ یەم:**

١- دەستەی باڵا لەماوەی بیست وچوار سەعات لە پێشکەش کردنی داواکاری یەکان، سەیریان دەکات ویەک لایان دەکاتەوە و دوا بڕیاری لە ماوەی دوو ڕۆژ بە داواکاری پاڵاوتنەکە ونوێنەری لیستی پەیوەندیدار ڕادەگەیەنی.

٢- داواکاری پاڵاوتن بۆی هەیە لەلای دادگای تێ هەڵچوونەوە (ئیستئناف) ی کوردستان لە ماوەی دوو ڕۆژ تانوون لە بڕیاری دەستەی باڵا بدات.

٣- دادگای تێ هەڵچوونەوە (ئیستئناف) بە صیغەتی تەمییزی بڕیاری خۆی لە ماوەی دوو ڕۆژ لە بارەی ئەو تانوون لێدانە دەدات.

٤- پەیوەندیدارەکان لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی بەهۆی تابلۆی بۆ زانینی ئەو لایەنەی کە بڕیارەکە دەردەکات بەپێی ڕاگەیەنراو دادەنرێن.

٥- دەستەی باڵا بەهۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن لیستی پاڵێوراوەکان ڕادەگەیەنی ولە تابلۆی بۆ زانینی هەموو مەڵبەندێکی هەڵبژاردنی ناویەک ناوچەی هەڵبژاردن بەر لە دوازدە ڕۆژ لە وادەی دەنگدان هەڵدەواسرێن.

## فەسلی حەوتەم

**ماددەی بیست وچوارەم:**

پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لەسنووری چوارچێوەی یاسا و دابو دەستووری گشتی وئاداب ئازادە، بەمەرجێک بەرە دەبێ بەرسیپی یەکسانی دەرفەت وهەڵوەدان لە نێوانی لیستە کێ بڕکی یەکان (منافسه) دابین بکات.

**ماددەی بیست وپێنجەم:**

پڕوپاگەندەکردنی هەڵبژاردن ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی لیستی پاڵێوراوەکان دەست پێ دەکات وچل وهەشت سەعات پێش دەست پێ کردنی کرداری دەنگدان رادەوەستێ.

## فەسلی هەشتەم

**ماددەی بیست وشەشەم:**

سەرۆکی لیژنەی مەڵبەندی هەڵبژاردن، جگە لە دادوەرەکان وجێگرەکانی داواکاریی گشتی، بەر لەدەست بەکاربوونیان، لەبەردەم لیژنەی ناوچە بەم جۆرە سوێند دەخۆن:

**( بەخوای گەورە سوێند دەخۆم کە کارەکەم بەڕاستی و دەست پاکی و بێ لایەنیی جێ بەجێ بکەم).**

**ماددەی بیست وحەوتەم:**

دەستەی باڵا ڕێنمایی دەردەچوێنێ و، بەپێی ئەو ڕێنمایی یەی شکڵ وقەبارەی سندووقەکانی هەڵبژاردن وڕێگەی داخستن وکردنەوەیان دیاری دەکات.

**ماددەی بیست وهەشتەم:**

لیژنەی ناوچە پلیتی هەڵبژاردن چاپ دەکات وسندووقەکە بە پێی ڕێنمایی یەکانی دەستەی باڵا ئامادە دەکات.

**ماددەی بیست ونۆیەم:**

١- دەربڕینی ڕا لە هەڵبژاردنی لیستەکان لە پلیتی هەڵبژاردن بە نووسین دەبێ کە دەستەی باڵا شکڵ وشێوە وقەبارە وچۆنیەتی پڕکردنەوەی بە بەیاننامەیەک دیاری دەکات.

٢- هەڵبژێر (دەنگدەر) کە خوێندنەوە ونووسینی نەبێ بۆی هەیە پشت بە یەکێکی دیکە ببەستێ بۆ پڕکردنەوەی پلیتی هەڵبژاردنەکەی.

٣- جێگریی لە هەڵبژاردن دا قەبووڵ ناکرێ.

**ماددەی سی یەمین:**

سەرۆکی مەڵبەندی هەڵبژاردن پاراستنی نیزام لە مەڵبەندەکەی خۆی دەپارێزێ وبۆی هەیە هەموو کارێکی پێویست بکات بۆ دابین کردنی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکەو نابێ هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ وچەکداران بچنە ناو مەڵبەندی هەڵبژاردن، تەنیا مەگەر لەسەر داوای سەرۆکی لیژنەکەوە بێ.

**ماددەی سی ویەکەم:**

لیژنەی مەڵبەند حوکم لەسەر هەموو شکایەتێک دەدات کە لەبارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە پێشکەشی کرابێ و ئەمەش بە بڕیارێکی یەک لا کەرەوە، لە پرۆتۆکۆلێکی تایبەت دا تۆماری دەکات.

**ماددەی سی ودووەم:**

پرۆسەی دەنگدان لەسەعات هەشتی بەیانی یەوە دەست پێ دەکات و لەسەعات (٨)ی ئێوارە کۆتایی دێت و دەستەی باڵا بۆی هەیە بە بەیاننامەیەک وادەیەکی دیکە دەست نیشان بکات بەمەرجێک لەو سەعاتانەی کە بۆ هەڵبژاردنەکە دانراون تێ پەر نەکات.

**ماددەی سی وسێ یەم:**

لەکاتی تەواو بوونی وادەی دیاری کراوی پرۆسەی هەڵبژاردن دا، سەرۆکی لیژنەی مەڵبەند کۆتایی هاتنی دەنگدان ڕادەگەیەنێ و، ئەمەش لە پرۆتۆکۆلی هەڵبژاردن دا تۆمار دەکات وسندووقەکان دەکاتەوە و دەنگەکان بەشێوەیەکی ئاشکراو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی لیستەکی بڕکی یەکان (المنافسة) لێک جیادەکرێنەوە.

**ماددەی سی وچوارەم:**

ئەم جۆرە پلیتانەی خوارەوە بەنادروست دادەنرێن:-

١- ئەو پلیتەی کە مۆری مەڵبەندی هەڵبژاردنی پێوە نەبێ.

٢- ئەو پلیتەی کە هیچ هێمایێکی بۆ هیچ لیستێکی پاڵێوراوانی بەسەرەوە نەبێ، یاخود بە جۆرێکی وابێ کە گومان بخاتە هەڵبژاردنی یەکێک لەو لیستانە.

**ماددەی سی وپێنجەم:**

١- لیژنەکانی ناوچەکان پرۆتۆکۆڵێک دەنووسن و ئەنجامی دەنگدانەکەی تێدا تۆمار دەکەن و ئیمزای دەکەن و لەناو زەرفێکی داخراوی مۆر کراوی دادەنێن و، دەیدەنە لیژنەی ناوچە.

٢- لیژنەی ناوچەش ئەنجام وبەڵگەنامەکان لە مەڵبەندەکانی هەڵبژاردن وەردەگرێت و پرۆتۆکۆڵێکی پێ تۆمار دەکات و ئیمزای دەکات ومۆری خۆی لێ دەدات و دەیداتە لیژنەی باڵا.

**ماددەی سی وشەشەم:**

١- سەرجەمی دەنگەکانی هەڵبژاردن بەسەر ژمارەی کورسی یەکانی ئەنجوومەن دا دابەش دەکرێ بۆ دەرهێنانی تێکڕایی هەڵبژاردنەکە (المعدل الانتخابی).

٢- ئەو دەنگانەی کە هەر لیستێک بە دەستی هێناوە دابەش دەکرێ بەسەر تێکڕایی دەنگی هەڵبژاردنەکە، بۆ دەست نیشان کردنی ژمارەی ئەو کورسییانەی کەلیستی پەیوەندیدار بەدەستی هێناوە، لەگەڵ ڕەچاو کردنی ئەوەی لەم برگەی خوارەوەدا هاتووە.

٣- هەر لیستێکی ڕێژەی ٧ ٪ی دەنگەکانی بەدەست نەهێنابێ نوێنەرایەتی لە ئەنجوومەن دا ناکات ودەنگەکانی بەسەر لیستە سەرکەوتووەکان دا دابەش دەکرێتەوە بەرێژەی سەرکەوتنەکەی.

٤- ئەو کورسی یە چۆڵانەی کە لەئەنجامی وەدەست هێنانی پاشماوەیەک کە ناگاتە تێکڕایی دەنگی هەڵبژاردن دەخرێتەوە سەر ئەو لیستانە بەپێی زۆرترین ئەو دەنگانەی کە هێناویانە.

**ماددەی سی وحەوتەم:**

١- دەستەی باڵا ڕێژەی سەدیی هەرلیستێک کەبەدەستی هێناوە لەکورسیەکان ڕادەگەیەنێ.

٢- هەڵبژاردنی سەرکەوتووەکان لەنێوان پاڵێوراوەکان دا بۆ لایەنی خاوەنی لیستی هەڵبژاردنەکە بەجێ دێڵێ وبۆ ئەوەی یەکێک لەم ڕێگایانەی خوارەوە بگرێتە بەر:

١- بەزنجیرە.

٢- بەهەڵبژاردن.

٣- بەقورعە.

٣- دەستەی باڵا ناوی سەرکەوتووەکان ڕادەگەیەنێ کە بوون بە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**ماددەی سی وهەشتەم:**

دەستەی باڵا بۆی هەیە هەڵبژاردنی هەر مەڵبەندێکی هەڵبژاردن هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر دەرکەوت غەش یا فێڵی تێدا کراوە وکاردەکاتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە.

## دەروازەی سێ یەم
## ئەندامێتی لە ئەنجوومەن دا

### فەسڵی یەکەم
### پشتیوانە (حەصانە) و پاداشتەکان

**ماددەی سی ونۆیەم:**
ئەندامی ئەنجوومەن هەر ڕاو بۆچوونێک دەربڕێ، یان کردارێک لە ماوەی کارکردنی لە ئەنجوومەن دا ئەنجام بدات بەرپرسیار نابێت.

**ماددەی چلەم:**
١- نابێ هیچ ئەندامێک بە بێ ڕەزامەندیی ئەنجوومەن بگیرێ بەهۆی هەرتاوانێک بێ، لەماوەی بەستنی ئەنجوومەن دا، تەنیا لەو بارە نەبێ کە تاوانێکی لەددست قەومابێ.
٢- نابێ هیچ کەسێک لە ئەندامان لە ماوەی دەورەی بەستنی ئەنجوومەن دا بەهۆی هەر تاوانێکەوە بێ بگیرێ، بە بێ وەرگرتنی ڕەزامەندنی وڕێگەدانی سەرۆکی ئەنجوومەن تەنیا لەو بارەدا نەبێ کە تاوانێکی لەددست قەومابێ.

**ماددەی چل ویەکەم:**
سەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێر وئەندامانی ئەنجوومەن مانگانە پاداشتێک وەردەگرن کە ئەنجوومەن دەست نیشانی دەکات.

**ماددەی چل ودووەم:**
١- ماوەی ئەندامێتی ئەنجوومەن بۆ مەبەستی سەر مووچە و بەرزکردنەوە وخانەنشین کردن حسێب دەکرێ.
٢- ئەگەر یەکێک لە ئەندامانی ئەنجوومەن لەکاتی خزمەت کردنی لە ئەنجوومەن دا یان بەهۆی ئەوەوە بمرێ، ئەوا مووچەی خانەنشینی بۆ خێزانەکەی دەبڕدرێتەوە و ئەنجوومەن بڕەکەی دەست نیشان دەکات.

### فەسڵی دووەم
### تەواو بوونی ئەندامێتی

**ماددەی چل وسێ یەم:**
ئەندامێتی ئەنجوومەن لەیەکێک لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی دێ:
١- کۆتایی هاتنی ماوەی ئەنجوومەن یان هەڵوەشانەوەی.
٢- واز هێنانی ئەندامەکە خۆی ولەڕۆژی بڕیار لەسەردانی ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگ کاری پێ دەکرێ.
٣- ئەگەر یەکێک لەمەرجەکانی پاڵاوتنی بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی تێدا نەماو،

ئەنجـومـەنیش بە دوو لەسـەر سێ ی دەنگی ئەندامە ئامادەبووەکانی بڕیاری لەسەربدات.

٤- ئامادە نەبوونی ئەندام لەسێ کۆبوونەوەی لەسەریەک، بەبێ دەربڕینی عوزرێکی مەشرووع.

٥- مردنی ئەندام.

**ماددەی چل وچوارەم:**

ئەگەر یەکێک لە کورسی یەکانی ئەنجوومەن چۆڵ بوو، پالێوراوێکی دیکە لەهەمان لیست دا جێی ئەندامەکەی پێشوو دەگرێتەوە ولایەنی خاوەن لیستەکە بەپێی حوکمی بڕگەی(٢)ی ماددە(٣٧) ئەم یاسایەدا دەست نیشانی دەکات. «١»

**ماددەی چل وپێنجەم:**

ئەنجـوومـەن لەهەولێر دەبەسـترێ ودەشێ لەهەر شوێنێکی دیکە ببەسترێ کە ئەنجوومەن لەکاتی پێویست دا دەست نیشانی دەکات.

**ماددەی چل وشەشەم:**

ئەنجوومەن یەکەمین دانیشتنی لەسەعات دەی سەر لەبەیانی دەیەمین ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەبەستێ.

**ماددەی چل وحەوتەم:**

ئەنجوومەن یەکەمین دانیشتنی بەسەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبەستێ و ئەندامەکانی ئەم سوێندە دەخۆن:

**[ بەخوای گەورە سوێند دەخۆم کە پارێزگاریی یەکێتی گەل وخاکی کوردستانی عێراق وبەرژەوەندی یە باڵاکانی بکەم].**

**ماددەی چل وهەشتەم:**

ئەنجوومەن لەیەکەمین دانیشتنی دا، بەرێگەی دەنگدانی نهێنی سەرۆک وجێگری سەرۆک وسکرتێری ئەنجوومەن بەزۆربەی موتلەقی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەن هەڵدەبژێرێ.

**ماددەی چل ونۆیەم:**

١- ئەنجوومەن لەدانیشتنی یەکەمی دا وادەی دەورەکانی بەستنی دەست نیشان دەکات، بەمەرجێ ساڵانە لەدوو دەورە کەمتر نەبێ.

٢- سەرۆکی ئەنجوومەن یان چواریەکی ژمارەی ئەندامانی بۆیان هەیە داوای بەستنی دانیشتنی نائاسایی بکەن و کۆبونەوەکەش تەنیا بۆ سەیر کردنی چەند بابەتێکە کە لە داواکاری یەکەدا دەردەبڕێن.

٣- سەرۆکی ئەنجوومەن بۆی هەیە، لەکاتی پێویست ولەسەر داوای سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن، داوای بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات.

---

«١» ئەم ماددەیە بەپێی یاسای یەکەمین هەمووارکردنی یاسای ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ دوە هەمووارکراوە ئەمیش بە گوێرەی بڕیاری ژمارە «٣٤»ی ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٤ی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق.

**ماددەی پەنجایەم:**

١- کۆبوونەوەی ئەنجوومەن بە ئامادەبوونی زۆربەی ئەندامانی نەبێ راست ودروست نابێ و بڕیارەکانیش بەزۆربەی موتلەقی دەنگی ئامادە بووان دەردەچووێنێ ئەمەش بەدەر لەو بارانەیە کە پێویستی بە زۆرینەکی تایبەتی هەیە و لەکاتی بەرانبەربوونی ڕایەکانیش دا دەنگی سەرۆک لەگەڵ کام لابێت ئەو لایە سەر دەکەوێت.

٢- دەنگدان لەسەر یاسا ماددە بەماددە دەبێت.

**ماددەی پەنجاو یەکەم:**

ماوەی ئەنجوومەن سێ ساڵە و لەیەکەمین دانیشتنیەوە دەست پێ دەکات وبە دوا کۆبوونەوەی دانیشتنی ساڵی سێ یەمی کۆتایی دێت.

**ماددەی پەنجاو دووەم:**

دانیشتنەکانی ئەنجوومەن ئاشکران و دەشێ لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجوومەن یا بەلانی کەمەوە چواریەکی ئەندامانی وەزارەتی ئەنجوومەن بەزۆربەی دەنگی ئامادە بووان دانیشتنەکە نهێنی بێت.

**ماددەی پەنجاو سێ یەم:**

دەستەڵاتی جێ بەجێ کردن کەلە ئەنجوومەن هەڵێنجراوە یا دە لە ئەندامانی ئەنجوومەن بۆیان هەیە پرۆژەکانی یاساکان پێشنیاز بکەن وئەو پرۆژانە وتووێژیان لەسەر ناکرێ بەرلەوەی لیژنەی تایبەتی وپسپۆر سەیری بکات و، هەر پرۆژەیەک ئەنجوومەن رەتی بکاتەوە لەماوەی هەمان دەورەی بەستنی ئەنجوومەن پێشکەش ناکرێتەوە.

**ماددەی پەنجاو چوارەم:**

١- هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن بۆی هەیە بەپێی پێرەوی ناوخۆی ئەنجوومەن پرسیار ولێ پرسینەوە ئاراستەی ئەندامانی ئەنجوومەنی جێ بەجێ کردن بکات، لەوبابەتانەی کە دەکەونە ناو چوارچێوەی کارو دەستەڵاتەکانیان وئەوانیش دەبێ لەماوەی حەوت ڕۆژ لە مێژووی پێ ڕاگەیاندنیان وەڵامی بدەنەوە و لەناو ئەنجوومەن دا لەکاتی پێویستیش دا وتووێژ لەسەر بابەتی لێ پرسینەوەکە دەکرێ.

٢- چواریەکی ئەندامانی ئەنجوومەن، بۆیان هەیە داواکاری یەک پێشکەش بکەن بۆ بڕوا لێ سەندنەوە لە ئەنجوومەنی جێ بەجێ کردن وئەنجوومەنیش تا ماوەی حەوت ڕۆژ لە مێژووی پێشکەش کردنیەوە، وتووێژ لەسەر ئەم داواکاری یە ناکات ودوای دوو ڕۆژ وتووێژ کردن ئینجا دەنگی لەسەر دەدرێ.

**ماددەی پەنجاو پێنجەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەن یان ئەوەی جێی دەگرێتەوە پارێزگاریی لەنیزام ورێکوپێکی ناو ئەنجوومەن دەگرێتە ئەستۆ.

## دەروازەی پێنجەم
## ئەرک ودەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن

**ماددەی پەنجاو شەشەمین:**

ئەنجوومەن ئەم ئەرک ودەسەڵاتانەی خوارەوە جێ بەجێ دەکات:

١- یاسا دانان.

٢- بڕیار دان لەسەر ڕێکەوتنەکان ویەکلاکردنەوەی کێشە چارەنووسسازەکانی گەلی کوردستانی عێراق و دیاری کردنی پەیوەندیی یاسایی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی دا.

٣- دەست نیشان کردنی سەرۆکی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن کە ئەویش دەسەڵاتی ناولێنانی ئەندامانی هەیە لەنێوان ئەندامی ئەنجوومەن و دەرەوەی دا.

٤- متمانە پێدان بە ئەنجوومەنی وەزیران یان لێ سەندنەوەی.

٥- بڕیار دان لەسەر بودجەی گشتی و نەخشەکانی گەشە پێدان.

٦- چاودێری دانان لەسەر دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن.

٧- پێکهێنانی لیژنەی هەمەجۆر بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر کاروبارێکی بیەوێ.

٨- دانانی سیستەمی ناوخۆو دیاری کردنی پێکهاتەکەی وبڕیاردان لەسەر هاوسەنگی و دامەزراندنی کارمەندەکانی.

٩- پێکەوەنانی لیژنەی هەمیشەیی وکاتیی لەنێوان ئەندامانی ئەنجوومەن بەپێی پێڕەوی ناوخۆی.

١٠- دانانی بنچینەیەک بۆ گوناهبار کردن ولێ پرسینەوەی ئەندامانی لەکاتی شکاندنی ئەو سوێندەی کە خواردوویانە.

١١- جیاکردنەوەو یەکلا کردنەوەی تانووتەکانی کەپێشکەش کراون لەبارەی دروستی هەڵبژاردنی ئەندامانەوە و، ئەندامێتی بەزۆربەی دوو لەسەر سێ ی دەنگی ئەندامانی نەبێ هەڵناوەشێتەوە.

## دەروازەی شەشەم
## تاوانە هەڵبژاردنییەکان

**ماددەی پەنجاو حەوتەم:**

هەر کەسێکی گەر ئەمانەی خوارەوە بکات سزای گرتنی بەسەردا دەدرێ:

١- دەنگدەران بەپارە هەڵخەڵەتێنێ یارێگای فروفێڵ کردن یاخود توندو تیژی بەکاربێنێ بۆ هەڵبژاردنی یەکێک یان ڕێگەگرتن لەهەڵبژاردنی یەکێکی تر.

٢- سندووقی دەنگدان بدزێ یان دەستی بەسەردا بگرێ یان بیشکێنێ یاخود ئەمانە بۆ پلیتەکانی هەڵبژاردن بەکاربێنێ یان تاوانێکی لەکاتی بەرەنگار بوونەوەی لەسەر ئەم کردەوانەی کرد وبکەوێتە بەر حوکمی یاسای سزادانەوە.

٣- ناوی خۆی بەئەنقەست لەخشتەکانی هەڵبژاردن دووبارە کردەوە.
٤- دوو جار دەنگی دا.
٥- لیستێک بنووسێ بە پێچەوانەی ئەو دەنگدەرەی پێی دەنووسێ.
٦- بەهەر رێگەیەک بێت رێ لە هەڵبژێرێک بگرێ دەنگ بدات.
٧- نەهێڵێ هەڵبژاردن بکرێ وکۆسپ بخاتە پێشی.
٨- فروفێڵ لەکاتی جوداکردنەوەی دەنگەکان دا بکات.
٩- لەحوکم ورێنمایی یەکانی پرۆپاگاندەی هەڵبژاردن لابدات.

## دەروازەی حەوتەم
## حوکمە جیاجیاکان

**ماددەی پەنجاو هەشتەم:**
هیچ چەکدارێک یان هێزێکی چەکدار بۆی نیە بچێتە ناو ئەنجوومەن یان لەنزیکی یەوە بوەستێ یا دانیشێ، مەگەر تەنیا لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجوومەن بێ.

**ماددەی پەنجاو نۆیەم:**
دوای تێپەڕ بوونی سێ مانگ بەسەر کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن دا گوێ لە هیچ داوا کاری یەک ناگیرێت کە لەبارەی هەڵبژاردنەوە پێشکەش کرا بێت.

**ماددەی شەستەم:**
ئەویاسایانەی کە لە ئەنجوومەن دەردەچن لە رۆژنامەیەکی تایبەت دا بڵاو دەکرێنەوە کەخۆی دەری دەکات و لەرۆژی بڵاوکردنەوەیانەوە جێ بەجێ دەکرێن، تەنیا مەگەر ئەنجوومەن مێژوویێکی دیکە بۆ جێ بەجێ کردنیان دابنێ.

**ماددەی شەست ویەکەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاو کردنەوەیەوە لە رۆژنامەی «بەرەی کوردستانی»دا جێبەجێ دەکرێ.

**لە رۆژی چوارشەممەی رێکەوتی ١٩٩٢/٤/٨ی زایینی**
**بەرامبەر بە ١٩/نەورۆز/٢٦٩٢ی کوردی دەرچووە.**
**رێبەرایەتی سیاسی بەرەی کوردستانی**

| | |
|---|---|
| جلال تالەبانی | یەکێتی نیشتمانیی کوردستان |
| مسعود بارزانی | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| عبداللە ئاگرین | پارتی سەربەخۆیی دیموکراتی کوردستان (پاسۆک) |
| رسول مامەند | حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق |
| عزیز محمد | حزبی شیوعی عێراق |
| سامی عبدالرحمن | حزبی گەلی دیموکراتی کوردستان |
| قادر عزیز | حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان |
| یعقوب یوسف | بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری |

# هۆیەكانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

* حكوومەتی عێراق لەم دواییە یەدا هەندێ كاری وای كردووە كە لەمەوبەر شتی وای نەكردووە. چونكە بڕیاری كێشانەوەی بەڕێوەبردنەكانی (فەرمانگەو فەرمانبەران) ی خۆی لەناوچەی كوردستان دا ، بەمەش بۆشاییەكی حكوومی ویاساكاریی بێ هاوتای بەجێ هێشت. ئەم بارە بەرەی كوردستانی كە لەگەلی دا لەوتوویژدابوو خستە بەردەم بارێكی ئالۆزو تاقی كردنەوەیەكی سەخت وگران، چونكە هەر كۆمەڵگایەك مرۆڤی تێدابێ، دەبێ كاروباری رێك بخرێ و، لە پێناوی سەروەریی یاسا ودامەزراندنی داد ودابین كردنی خۆراك وداو دەرمان وپاراستنی ئاسایش وماف وموڵك ومال وئازادی و شكۆمەندیی هاووڵاتییان كەبە هەوڵ وكۆششی خودی تاكە كەسی دابین ناكرێن ولەئەنجامیش دا دەبێتە هۆی بەیەكدادان وگێرەشێوێنی. بەڵكو پێویستیتی بەكارێكی هاوبەش هەیە بۆ رێكخستنی ئاسایشی كۆمەڵ وبەڕێوەبردنی كاروباری ودامەزراندنی حوكمی یاسا ودادپەروەریی بەهۆی نوێنەرانی یەوە.

مرۆڤایەتی لەكۆنەوە وەك شێوەیەك لە دەربڕینی ئاوات و رووا نینە دووا رۆژی خۆی و هەڵبژاردنی نوێنەرانی بۆ حوكم كردن وبەڕێوەبردنی، دانی بە دیموكراتیەت دا هێناوە.

ئەم پرنسیپە سەلماندوویەتی كە بە چاكی بۆ كار پێ كردن دەشێ و شیاوی تاقی كردنەوەیە وهیچ پرنسیپێك بەدرێژایی چاخەكانی مێژوو بەقەدەر دیموكراتیەت بەرگری لەخۆی نەكردووە، تاكو بووەتە شێوەو رێبازی جیهانی ئەمرۆكە،جیهانێك كە لاپەرەی رژێمە دیكتاتۆری یەكان دەپێچێتەوە و كۆڵەكەكانی سیستەمێكی نوێی جیهانی لەسەر بنچینەیەكی سەرەكی و پتەو بنیات دەنێ كە ئەمانەن:-

**(دیموكراتیەت وڕێزگرتن لەمافی مرۆڤ وئازادی یەكانی)**

بەرەی كوردستانی بەو ناوەی كەدەستەڵاتی ئەمری واقیعە (Defacto) بڕیاری دا كە لەرووی ئەم تاقی كردنەوەسەخت و گرانەدا بوەستێ كە حكوومەتی عێراق خستویەتیە پێشی وبڕیاریشی دا كە بە گیانێكی سەردەمی نوێ وهەروەها بەگۆڕینی ئەم كاروبارانە بۆ ئەم واقیعەی كە كوردستان تێی دا دەژین. بەهاوێشتنی یەكەم هەنگاو لەكاروانی گەیشتنی ئەم میللەتە بەكاروباری جیهانی شارستانیی پێشكەوتوو بۆ دامەزراندنی بنیاتی كۆمەڵگای كوردستانی لەسەر بنچینەی دیموكراتیەت وڕێزگرتن لەماف و ئازادیی مرۆڤ بەپێی ئەو پەیمان ودابوو دەستوورانەی كە دەوڵەتان بڕیاریان لەسەر داوە. تاكو بۆ هەموو جیهانی بسەلمێنێ كەگەلی كوردستانی عێراق لەتوانای دا هەیە بەپێی ئەو بنچینانەی كە ئەمرۆكە عالەم دانی پێداهێناوە بەڕێوەی بباتت.

بەرەی كوردستانی لەمەوبەر لەساڵی ١٩٨٨دا بەپێی پێڕەوی ناوخۆی بڕیاری دابوو ئەنجوومەنێكی نیشتمانیی كوردستان پێك بێنێ بۆ ئەوەی ڕاو بۆچوونی گەلی كوردستان دەربڕێ وببێتە خاوەنی كلیلی چارەنووسی خۆی، بەڵام باری گونجاوی بۆ هەڵ نەكەوت تاكو ئەوبڕیارە بەكردار جێ بەجێ بكات، نەلەم دوو ساڵەی رابووردوودا بەهۆی راپەرینە شكۆدارەكەی گەلەكەمان لەبەهاری ١٩٩١داو، نەلەدوای ئەوەش دا. لەبەر رووداوە خێرایە

یەک لە دووای یەکەکان وکۆڕەوە مەزنە مێژوویی یەکەو، لەدواییش دا وتووێژ کردن لەگەڵ حکوومەتی عێراق دا، ئەو وتووێژەی کەتاکو ئێستا کە هیچ شتێکی کەبەرەی کوردستانی ئامانج وئاواتی بوو، لەهێنانەدی ویستە ڕەواکانی کوردستانی عێراق جێ بەجێ نەکرد، چونکە پاشەکشەی لەو بەڵێنانەی خۆی کەلەسەرەتای وتووێژەکە دابوونی کرد. جگە لەبەکارهێنراوی گەلێک جۆرە گوشاری سەربازیی وئابووری ودارایی وکارگێری ودەرووونی، کە ئەمانەش لەگەڵ هیچ بەهایێکی مرۆڤایەتی دان پێداهێنراوی جیهانی شارستانی دا ناگونجێن.

لەبەر ئەمانە ولەبەر ئەوەی دیموکراتیەت مانای حوکمڕانی گەل وکارگێڕێتی بەهۆی نوێنەرانیەوەیە کە بەئازادی یەکی تەواو هەڵیان دەبژێرێ وهەموو دەستەڵاتێکیان پێ دەسپێرێ بۆ دامەزراندنی دەستەڵاتی یاسا وحوکمەکەی بەپێی زنجیرەیەک لەکاروباری واکەبنە مایەی دامەزراندنی کۆمەڵێک لە دەزگای رێکخراوی تایبەتمەند بە پێی پرنسیپی جیاکردنەوەی هەر سێ دەستەڵاتەکانی یاسادانان و جێ بەجێ کردن ودادوەری بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشایی یە یاسایی یە ودامەزراندنی کارگێریی یەک بۆ بەرێوەبردنی کاروباری کوردستانی عێراق ودەست نیشان کردنی پەیوەندیی لەگەڵ دەستەڵاتی ناوەندیی، ئەمەش لە رێگەی هەڵبژاردنێکی راستەوخۆی ئازاد ودیموکراتی بەهەموو مانایێکی وشەوە نەبێ نابێت، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.

**سەرکردایەتی سیاسیی بەرەی کوردستانی**
**١٩٩٢/٤/٨ ز.**
**١٩/نەورۆز/٢٦٩٢ ک.**